کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-9-2007 22:13

**دیسانەوە ئیسلام و منارەو مزگەوتەکەی و ئەوروپا!!! ... هۆشیار مەلا**

یەکێك لە سیما دیارەکانی ئایین و ئایدۆلۆژیاکان هەمیشە خۆ بە پێشڕەو زان و بەهەندنەگرتنی کات و شوێنە!ئەو بەرنامەیەی کە هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەو پێش ئیسلامی لەسەر دامەزراوە تا ئەمڕۆ بچوکترین گۆڕانکاری تیا نەکراوەو ئایینەکە کەڵکی دەسکاری کردنی نیە لەلایەن مرۆڤەوە!ئایینەکان بەتایبەتی ئایینی ئیسلام جیا لە ئایینەکانیتر مۆرکی ناوچەیی پێوە دیارە بە حوکمی شوێنی بڵاوبوونەوەکەی کە نیمچەدوورگەی عەرەبە، ئایینەکەش بە پلەی یەکەم زیاتر بەئایینێکی عەرەبی ناسراوە ئینجا بۆتە ئایینی ئەو نەتەوانەی تریش کە لەڕێگەی ئەو ئایینەوە دەسەڵات وئیمپراتۆریەتیان دامەزراندووە. ئەم ئایینە ئایینێکی ڕۆژهەڵاتیەو داب ونەرێتەکانی نەگونجاوو نامۆن بەرۆژئاواییەکان هەمیشە لێی دەسڵەمێنەوە لایان بۆتە نیشانەی ترس، ماوەیەك لەمەو پێش سەرۆکی پارتی ئازادی نەمسا لە ووتارەکانیدا ئەم ئایینەی بە (فاشیزمی سەدەی بیست ویەکەم ناوزەد کرد) ئێستاش دوبارە مەسەلەی ئەو منارەو مزگەوتەی سەنترومی ئیسلامی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی گەڕەکە شارەکانی ڤێننای ٢٠ و٢١ کەبڕیارە گەورەو فراوان تر بکرێتەوە ڕووبەڕوی نارەزایی وگازندەی گەڕەکە هاوسێکانی دەبێتەوە. بە پاڵپشتی پارتی گەلی نەمساوی (övp) لە ڕێکەوتی ٩/١٣ ڕێپێوان پرۆتێستۆ دژی ئەو دامەزراوە ئیسلامیە ڕێکدەخرێ، پارتی گەل پشتگیری هەموو هاوڵاتیەکی نە مساوی دەکات کە دژی فراوانکردنەوەی ئەم شوێنە پڕ گومانایە بن، چونکە لە ڕاستیدا ئەم سەنتەرە هەر مزگەوتێکی ئاسایی نیە تەنها نوێژو خواپەرستی تێدابکرێ بەڵکو هەر وەکو لە ووتاری وەرگێڕدراوی ( islamismus ist faSchismus 21 jahre hundert) واتە ئیسلام فاشیزمی سەدەی بیست ویەکەمە بە درێژی باسی چۆنێتی ئەم مزگەوتەکراوە، شوێنی پەروەردەکردنی مجاهیدەکانی ئەوروپایە لەسەردەستی ئیمامێکی فەلەستینی بەناوی ئیمام عدنان ابراهیم کەئیسلامیەکی توندڕەوی لەڕادەبەدەر سەلەفیە و بەردەوام لەژێرچاوەدێریدایە چونکە تا ئێستا چەندین پۆل مجاهیدی پێگەیاندووە ڕەوانەی فەلەستین شوێنەکانی تری کردوون هەموو خوتبەو بەڵگەکانی لێگیراوە لەلایەن پۆلیسەوە، هەڵکەوتنی ئەم مزگەوتە لەم شوێنەدا کە روباری دۆناو (دانوب) بۆ مەبەستی جوانی گەشتو گوزار کراوەتە سێ بەشەوە زۆربەی هاوسێکای بریتین لەبارو میوانخانەو یاریگەی منداڵان و جێگەی پشوودان مەلەوانیکردنی پیاوان وژنان، بۆیە بوونی ئەم مزگەوتە لەگەڵ بازاری ئەواندا یەکناگرێتەوەو هەریەکە لەئاوازێك دەخوێنن، جابۆیە بەڕاستی دەنگی (حی علی السلات و السلات خیر من النوم گونجاو نیە بۆدانیشتوانی دورگەی دۆناو چونکە هەر لێشی تێناگەن، دیاردەیەکی تری نامۆی ئیسلام لە ئەوروپادا دەنگی زەنگی مۆبایلە بەمێلۆدی زیکرو تەراویح وبانگدانەوە ئەم دیاردەیە ڕۆژانە گوێبیستی دەبی لەناو بازارو شەمەندەفەرەکانی سەر زەوی ژێر زەوی کە مۆبایلی ئافرەتە قەلەڕەش پۆش ئاساکان و پیاوەریشدارەکان زەنگیان بۆبێت.

سەرچاوە؛هەفتەنامەی گەڕەکی بریگیتەناو.
لەبەر نەبونی پیتی سادی عەرەبی (س) م بەکارهێناوە-

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.